# بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد

# و

# ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان

1975 – 1958

**ئەیوب بارزانی**

**سوپاسی بیٚ پایانم بۆ مێژوو نووس و تێکۆشەر دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی کە لوتفی فەرموو رێگای دا کە ئەرشیفەکانی بەکار بهێنم و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم وە بەڵگەنامەی گرنگی دامیٚ، سوپاسی بۆ دکنور رێبوار فەتاح کە سەرچاوکانی بە کەلك بوی ناردم و دکتۆر عبدولموسەویر بارزانی کە رێگای دام دەستنووسەکانی بخوێنمەوە کە هێشتا چاپ نەکراون و کاك (بادین) کە چەند کتێبێکی پەیوەست بەم بابەتە دامیٚ و پەرۆشی بەردەوامی تا تەواوم کرد ، هەروەها سوپاسی بروسك ئەسعەد دەکەم کە چەندین سەرچاوەی خستە بەردەستم هەروەها سوپاس و رێزم بۆ ئەو برادەرانەی دی لەوڵات و تاراوگەدا کە داوایان لیٚ کردم ناویان نەهێنم نەبادا تووشی چەوسانەوە بن**

**ئەیوب بارزانی**

**ئاداری 2011 جنیف–سویسرا**

گوتنی راستیەکان لەسەردەمی خەڵەتاندنی جیهانیدا کارێکی شۆڕشگێڕانەیە
جۆرج ئۆرێیل

هەموو هەقیەتێك بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت یەکەمیان رووبەڕووی گاڵتەجاڕی دەبێتەوە ، دووەمیان بەتوندی بەرهەڵستی دەکرێ ، سێ یەمیان پێشوازی لێ دەکرێت وەك ئەوەی ئاسایی بێ .
ئارسەر شۆبنهاوەر
1860-1788

هەرکەسێك بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی توندوتیژیی بەکار هێنا دەبێ وەك مەبدەئێك پەنا وەبەر درۆ ببات
ئەلکسەندەر سۆلجنتسن

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

شۆڕشی گەورەی گەلەکەمان کە نزیکەی چواردەساڵی خایاند لەچەند رۆژێکدا هەرەسی هێنا ..! دیاردەیەکی مێژوویی دەگمەنە و شایەنی ئەوەیە بەشیکردنەوەیەکی قووڵ لەبەردەمیا راوەستین و بەشوێن هۆکارەکانی ئیفلیج بوون و لەناوەوە رزیبوونی و شکەستنی بگەڕێین .. چۆن و بۆچی ؟

بەزینەکەی سالی 1975 لەئەنجامی هێندێ بۆچوون و هزری هەڵەبوو لە پڕوپاگەندەی لەخشتەبەری حیزبی زاکیرەی گەلی کوردی بلاّوی کردەوە ، بەشێوەیەکی زۆر بەربلاّویش سەبارەت بە دەستەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ، وەك بلیمەت پاڵەوانی دەگمەن باسیان دەکرا لەمێژوودا کە شایستەی هەموو متمانەیەکی گەلن ، خودی مەکتەبی سیاسی بەرپرسی یەکەم بوو لەم ئاراستە ترسناکەدا ، چونکە بەشێوەیەکی واقیعیانە تەرازووی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتەکانیان هەڵنەسەنگاندبوو هەروەها نەپێداویستیەکانی شەڕی چارەنووس و ستراتیجەکەیان بەشێوەیەکی دروست لەبەرچاو نەگرتبوو هەروەها بێ ئەوەی لەشایەستەیی سەرکردایەتی و یەکگرتوویان و بێ ئەوەی لێیان دڵنیابن، گەلی کوردیان خستە نێو شەڕی خەباتی رزگاری خوازی ، کاتی کە گەلەکەشمان بەورەوە بەرەو خەباتەوە چوو، سەرکردایەتی لەت بوو تووشی پەشۆکاوی و ململانێی ناوخۆ هات و مەلا مستەفا بووە تاکەکەسی بڕیاردەر بڕیارە چارەنووس سازەکان بەعەقلیەتێکی دوور لە روحیەتی سەردەم تا گەلەکەمانیان گەیاندە کارەسات و دەستبەرداری ئەو گەلە بوون کەبەدەنگیانەوە چووبوون ئەوەی هەیبوو بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی شۆڕش پێشکەشی کردن.
راست نیە هیچ سەرکردەیەك لەسەرووی رەخنەوە بێت ، لەبەر ئەوەی مرۆڤەو باشەو هەڵە دەکات ، پێویستە ئەگەر هەڵەی کرد هەڵەکەی بخرێتە روو و لەسەر خراپیەکەی سەرزەنشت بکرێ و بەو پێیەی کە سەرکردە داکۆکی لە مافەکانی گەل دەکات ئەبێ ئامادەی قوربانیدان بێ لەو پێناوەدا و نابێ لە رەخنەگرتن و سەرزەنشتکردن و لێپرسینەوە بەدەربێت ، کاتێ کە سوکایەتی بەبەهاکانی خەباتی رزگاریخوازی دەکات و لەپێناوی ئامانجی خۆیدا لەژێر دەمامکێ داکۆکی کردن لەمافەکانی نەتەوە تووشی لادان دەبێت .

Brian witaker ی توێژەری سیاسی بەریتانی دەڵێ : ((هەمیشە خۆرهەڵاتی ناوەراست کێشەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی کەسانی دی)) ئاشکرایە کە خاوەنی ئەم لۆژیکە بەتەواوەتی چاو لەوێنەکە دەپۆشن و تەنیا ئەوە دەبینن کە بەدڵیانە ، میللەتان بەمێژوویان پێوانە دەکرێن ، هەروەها بەچۆنیەتی رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ شکستەکان و هەڵەکانی بەدرێژایی مێژوو . ئەمە ئەرکێکە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کامل لەلایەك و هاولاتیانی هۆشیارلەلایەکی ترەوە بەشداری تێدا بکەن و گیانی رەخنەگرانەی بنیاتنەریان هەبێ لەپێناو ئایندەیەکی باشتردا ، هەرکاتێکیش حوکمەتەکان و میللەتان بەئەنقەست خۆیان لەخوێندنەوەی ئەنجامە مێژوویەکان بەشێوەیەکی راست گێل بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەداننان بەهەڵەکانیان بدزنەوە ئەوا دەخرێنە پرۆسەی خۆ لەخشتەبردن ، چونکە لەخەسڵەتی نەتەوەی زیندودا نیە چاوپۆشی لە هەڵەکان بکات کە لەمێژوودا روویان داوە ، ئێمەش وەك کورد پێویستە بە هەموو هەقیقەتە چاك و خراپەکانەوە رووبەڕووی رابردوومان ببینەوە ، هەروەها بەئەمانەت و بەراستگۆییانە رووبەڕوی روداوەکانی مێژوو ببینەوە ، دیارە کە ئەوەش ئازایەتی و قوربانی دەویت بەتایبەتیش لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە بەمەزنکردنی سەرکردەکانی و پیرۆزکردنیان تەڵقین دراوە کە لەگەڵ دەستکەوتەکاندا ناکۆکە ، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی نیفاق و مەرایی کردنەوە .

دان نان بەهەڵەکانی رابردوو هێندێکی کارەساتی نیشتیمانیەو ناونانی ئاسان نیە بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە بەرپرسی راستەوخۆبوون لێیان ، ئەوان نەك هەر دانی پێدا نانێن بەڵکو هەوڵیش دەدەن دەمی خەڵکانی تریش بگرن بەشێوازی تۆقێنەریش نەوەك هەقیقەتەکان دەرکەون سووربوون لەسەر نکوڵی کردن لە هەڵەکانی رابردوو خەلەلێك لە زاکیرەی مێژووی و هۆشیاری نەتەوە دەخولقێنێ .دواتریش بەردەوامی دان بە چەقبەستن لەسەر ئاستی مەعنەوی و ئینجا هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە .

پێویستە نەوەی نوێ جورئەتی هەبێ و رووبەڕووی راستیەکان ببێتەوە و وێڕای بوونی مەترسیش ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرێت . بەبۆچونی من خەباتی سیاسی و بۆچوونی فەرهەنگی لەپێناوی گەشەپێدانی ژیانی دیموکراسی لە کوردستان لەم سالآنەی دواییەدا بالەسەرخۆش بێت بیروڕای جەماوەر دەگۆڕێت ، هیوام وایە ئەم کتێبە هاوپشتبێ بۆ زانینی رووداوەکانی مێژوو بەشێوەیەکی زیاتر واقیعیانە

بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بەبەرپرسیاریێتی سەرکردەکانی کوردەوە هەیە لەشەڕی ناوخۆو شکۆی ساڵی 1975 داو لەدوای شەڕی زەعامەتیشەوە تا ساڵی 1998 .

(( هێزی میلەر )) ی نووسەری ئەمریکایی 1891 – 1980 دەڵێ : هەموو ئەو شتانەی چاوی لێ دەنووقێنین تا نەیانبینین و هەموو ئەو کارانەی لێیان رادەکەین نکۆڵیان لێ دەکەین و لە بایەخیان کەم دەکەینەوە یانیش رقمان لێی دەبێتەوە و سەرەنجام تووشی بەزینمان دەکات و شتە بێ زەوەر و ناخۆش و خراپەکان دەبنە سەرچاوەی جوانی و بەختەوەری و هێز ،ئەگەر بەئەقڵێکی کراوە رووبەروویان ببینەوە ، ئەڵمانیا دانی بەو تاوانانە نا کە سەرکردەکانی نازی ئەنجامیان دابوو، بەمەش ئەقڵی نەتەوەی ئەڵمانیا لەژێر ئەو بارە قوورسە هاتە دەر کەچۆکی بەسەردادابوو ئێستاشی لەگەڵدابێ تورکیا خۆی لە کوشت و بڕەی ئەرمەنەکان و کوردەکان گێل دەکات و لەنێو زەلکاوی چەق بەستوودا ماوەتەوە کە پشتگوێی خستنی رووداوە مێژوویی گوشاردەرەکانە .

وەك ئەمانەتێك دەرهەق بەگەلی تورك پێویستە هەموو راستیەکان بەتەواوی بخرێتە بەر دەستیان بەڵام لەوەدا ئەقڵیەتی کەمالیسمی سەرکەوتوو نەبوو بۆیێ لەئێستادا جووڵانەوەیەکی فەرهەنگی کەڵەکەبوو لەناو رۆشنبیرانی تورکدا هەیە وای دەبینن کە عەقڵیەتی کەمالیسمی رێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگا .

نیکیتا خرۆشۆف پەردەی لەرووی تاوانە نەگریسەکانی ستالین هەڵمالی کە ئەنجامی دابوون ، گەلی رووس تۆزی رابردووی لەخۆ داتەکاند و دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی کۆمۆنیستی ئەقڵی خۆی لە هەڵەکانی ئازاد کرد تا تواناکانی خۆی نوێ بکاتەوە بەرەو ئاییندەیەکی ئومێدبەخش ، هەموو ئەوانە بۆ ئێمەی نەتەوەکانی خۆرهەڵات پەند و عیبرەتن .

کتێبی یەکەمی ئەم زنجیرەیە لەساڵی 1980 لەژێر ناونیشانی ((بارزان و جووڵانەوەی هەستی نەتەوەی کورد 1926 – 1914 دەرچوو )) دواتریش لە ساڵی 2002 دا بەرەنگاربوونەوەی کورد لەگەڵ داگیرکردن 1914 – 1958 لەناونیشانکردنی ئەم کتێبەدا دوودڵ بووم لەنێوان رێگا بەرەو کارەسات 1958 – 1975 یان "سەرکردەکانی کارەسات" کە هەردوو ناونیشانەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی کتێبەکە دەگونجێن ، بەڵام دواتر ناونیشانی (بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد و ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان 1958 – 1975 م هەڵبژارد.

ئامانج لەم کتێبەو لە دوانەکەی پێشتریش ئەوەنیە دوژمنداری و خستنەڕووی کێشەی شەخسی لەگەڵ کەس دروست بکات بەڵکو ئامانج گێڕانەوەی راستیەکانە بۆ میللەتەکەمان کە مافی خۆیەتی مێژووی سەرکردەکانی بزانێت کەچۆن لەساتە مێژووییە یەکلاکەرەوەکاندا هەڵس وکەوتیان کردووە ، ئەو ساتە وەختە مێژوویانە جێ پەنجەیان بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کورد و نەتەوەکاندا جێهێشتووە و بەردەوام بەشێوەیەکی بەرفراوان شێوێندراوە و خستنەڕووی ئەو راستیانە زۆر درەنگ کەوت ئەم کتێبە باس لەسالآنی 1958 – 1975 دەکات ، ئەو سەردەمەی کە بزوتنەوەی کورد دەستی پێکرد بەهەڵبەزین و دابەزین و هەرەسهێنانیەوە ، من لەبەشی یەکەمدا باس لەگۆڕانکاریە ناوخۆکانی سەرهەڵدانی چەکداری دەکەم لەبەشی دووەمیشدا باس لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەکەم لە گۆنگەری شەڕی سارداو هاوسەنگ نەبوونی پەیوەندیەکانی دەرەوە و پێداویستیەکانی بارودۆخی ناوخۆدا و لەکاتی ململانێتی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن لەسەر سەرچاوەکانی وزە لەخۆرهەلآتی ناوەراستدا .

هەروەها ململانێی پایتەختەکانی ناوچەکە بەغدا و تاران و تەلئەبیب و چۆنیەتی رەفتارکردنی سەرکردایەتی کورد لەنێوان ئەم ململانێیەدا و لەگەڵ ئیدارە پێکردنی یاریکەرە سەرەکیەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا ، ریتشارد نیکسۆن و بریجنیف و سەدام حسێن و شای ئێران و هی دیکەش لەوانەی بەشداربوون لە خولقاندنی ئەم ململانێیە کە شوێنەوارەکانی لەسەر بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردیدا رەنگی دابۆوە بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا ، هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەرشیفی ئەمریکا بنیات نراون جگە لە هێندێ دیکۆمێنتی دیکەی شۆرەوی و ئێرانی و عیراقی و ئیسرائیلی و کوردی شەهادەتی خودی خۆم لەسەر رووداوەکانی ئەو سەردەمە .

سەدام حسێن سێ رێکەوتننامەی ناوخۆیی و هەرێمایەتی مۆر کردووە : یازدەی ئاداری 1970 لەگەڵ مەلا مستەفا ، پەیماننامەی عیراق و شۆڕەوی لە 5/ی نیسانی 1972 سەبارەت بە بەرگەیی هاوبەش و رێکەوتنی جەزائیر لەگەڵ شای ئێران لە 6/ی ئاداری 1975 دا. ئامانج لەو رێکەوتنانە پاراستنی رژێمی بەعس و بەهێزکردنی پێگەی بوو لەناوەوە و دەرەوەدا ، دوای ئەوەی رژێم هەستی بە دڵنیایی کرد سیاسەتی فراوانکردنێکی دوژمنکارانەی گرتەبەرو سەرکردایەتی کوردیش

بەرەو دەرەوە رۆیی و وورەی ناوخۆی رووخاندو بەرەو هاوپەیمانی دروستکردنێکی نەنووسراو رۆیشت کە بووە مایەیی مشت و مڕێکی سەیرو سەمەرە .

شای ئێران بوو فەرمانی لەسێدارەدانی قازی محمد و هاوڕێکانی دا لەساڵی 1947 و بەردەوام بوو لەسەر دژایەتی کردنی مافی نەتەوایەتی لەکوردستانی رۆژهەلأتدا تا لەسەر حوکم بوو ، ئەوکاتەی شا پشتیوانی خۆی بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد کێشایەوە هیچ ئەستوندەیەکی ناوخۆ نەبوو بزوتنەوەکە پاڵی بدات بۆ ئەوەی درێژەبە خەبات بدات ، بەلأم وێڕای نەبوونی ئەم پشتبەستە ناوخۆییە و سەختی بارودۆخی سیاسی لۆجستی ، گەلی کورد ئامادەبوو بەورەیەکی پتەو درێژە بەخەبات بدات .

رەگ و ریشەی توندوتیژی لە عیراق بەزۆری بۆ ئەو سیاسەتە ئیستیعماریە دەگەڕێتەوە کە پرۆسەی لکاندنی کوردستانی بەعیراقەوە جێ بەجێ کردو پێکهاتەی دەوڵەت و ناسنامەو سنووری دەستکردی بۆ داڕشت و چەند توێژێکی گرنگی دانیشتوانەکەی پەراوێز کردو لەماف و ئیمتیازاتی بێ بەش کردن کە دەوڵەت لەو سامانە زۆرو زەوەندەیدا دابینی دەکات و عیراق بووە ولأتێکی هەمیشە نائارام و بێ متمانە تەنانەت لەلایەن دەوڵەتە عەرەبیەکانیشەوە ، سەرکردە عیراقیەکان بەئایدۆلۆژیای نەتەوەیی توندڕەو چەقبەست بوون لەنێو ئەقڵیەتی سەربازیدا و نەیانتوانی چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشە ناوخۆیەکان بدۆزنەوە جگە لە گرتنەبەری توندوتیژی ، ئەنجامی توندو تیژیی نەتەوەیی دژی کورد ولأتی والێکرد تەشەنەیی سیاسی و کۆمەلأیەتی خەستی لێ بچۆڕێ و رێچکەی توندوتیژی پرەبستێنێ لەنێوان ناوەندی بەغداو گەلی کوردستاندا ئەوەش وای کرد شەڕ و کوشتار بۆ چەندین ساڵی سەدەی رابردوو بەردەوام بێت کە سوپای عیراقی رۆڵی داگیرکەری گێڕاو وەك رێکخراوەکانی داکۆکیکەر لەمافی مرۆڤ ناویان نابوو تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجام دا .

بەریتانیەکان لەزۆر بۆنەدا ویستیان چارەسەری کێشەکانی ناوخۆیان لەرێگەی توندوتیژی ئەنجام بدەن ، سەرکردە عەرەبە سوونیەکانیش کە لەلایەن بەریتانیەکانەوە دەستنیشان کرابوون هەمان سیاسەتیان پەیڕەو دەکرد ، ئەم دەستە بژێرەی عەرەب لەبواری سیاسیەوە کامڵ نەبوو بۆ حوکمڕانی کردنی گەلی عەرەب جا چ جای ئەوەی گەلی کوردی پێ بسپێردرێت.!

هەواڵنامەی کتێب

بەریتانیا رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە فووکردن لە رۆحی نەتەوە پەرستی دوژمنکارانەدا لەو دەستەبژێرەو هاندانی دژی گەلی کورد و دژی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و دەسەلاّتەکەی لەخۆرهەلاّتی ناوەراستدا .

لەساڵی 1980 وە ناوی عیراق لەپێشی پێشەوە بوو لە رۆژنامەو کەناڵە تەلەفیزیۆنە جیهانیەکاندا هەروەها بووە بابەتێك بۆ ناوەندە ستراتیجیەکان لەزۆربەی ولاّتاندا بۆ ئەوەی شیکردنەوەی لەسەر بکرێ ، هەرە دیاردەکەش توندو تیژیی خوڕا بوو ، جەنگی یەك لەدوای یەك لەناوخۆشدا بەردەوام لەشەڕدا دژی کورد ، ئەوە جگە لە سەرکوتکردنی وەحشیگەرانە و زەوتکردنی ئازادیەکانی گەلی عەرەب بەتایبەتیش لایەنگرانی حیزبی شیوعی عیراقی و شیعەکان ، هەروەها دەستەبژێری سوننە ئەوانەی دژی دەسەلاّتی شمولی بوون زۆر چەوسێندرانەوە ، تەنانەت نەتەوەکانی دیکەی وەك ئاشوری و کلدانی و تورکمان و سەر بەئاییني دیکەی وەك ئێزیدی لێی دەرباز نەبوون . لەسەر ئاستی دەرەوەشدا جەنگ لەگەلْ ئیران و داگیرکردنی کوێت و دواتریش کۆمەکی سەربازی بەسەرکردایەتی ئەمریکا بۆ ئازادکردنی کوێت دواتریش داگیرکردنی عیراق لەساڵی 2003 دا . چەند کەس لەزیندانەکان و لەژێر ئەشکەنجەداندا مردن ...؟ چەند کەسیش بەدەستی کرێگرتەکانی رژێم تیرۆرکران ؟ ژمارەی قوربانیەکانی کوردستان چەند بوون ؟ ژمارەی کوژراوو بریندارەکانی شەڕەکانی سەدام حسێن لەقادسیەو شەڕی کوێت چەند بوون ..؟ کە سەدام ناوی نابوو ( ئوم ئەلمەعاریك ) ئینجا ژمارەی قوربانیانی رزگارکردنی کوێت و داگیرکردنی عیراق لەساڵی 2003 چەند بوون ..؟ دوای ئەوەش گرتنەبەری توندوتیژی لەشارەکاندا هەزاران قوربانی لێ کەوتەوە ، بێگومان ناتوانرێت ژمارەیەك تەواو دەستنیشان بکرێت بەلاّم دەشێ بەسەدان هەزار دەبوون .

هەموو ئەوشتانەی کە خۆیان لە توندوتیژیا دەبینیەوە و دەبوا نەکرێ کران ، هەموو ئەو شتانەش کەدەبوو ئەنجام بدرێن وەك دابینکردنی خۆشگوزەرانی وپێشکەوتنی زانستی و هاوسەنگی کۆمەلاّیەتی و ژیانی هاوبەش لەسایەی یاسادا هیچ نەکرا . هیچ بیانوویەك نەبوو بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی ئەگەر وابەستەیەك بەدیموکراسی و بنەماکانی مافی مرۆڤ هەبوایە ، بەلاّم توندوتیژی بووە لەژیانی رۆژانەدا زالْ بوو لەم ولاّتە کۆست کەوتوەدا بەسیاسیەکانیشەوە لەدرێژایی سەدەی رابردوو دا و هاوولاّتە ئاساییەکان لەسێبەری ترس و هەست بەنائارامی کردن ژیان .ولاّتێك ئەو هەموو سامانە سروشتیەی هەبێ ئەگەر دەست بژێرە سیاسی و حیزبیەکانی

هاودەنگ نەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەیان بەئاشتیانەو دیموکراسیانە ئەوا دەبێتە نێچیری کودەتای سەربازیی خوێناوی تووشی پارچە پارچە بوونی ناوخۆ دەبێت و یەکگرتووی نیشتیمانی لەناو دەبات و دواتر هەموو وڵات ئاوەڵا دەبێت لەبەردەم دەست تێوەردانی دەرەکی تا چارەسەری کێشەکان لەڕێگەی دیالۆگ و بەگیانی دابینکردنی ئایندەی نەوەکانی داهاتوو و مافی گەلان لەدیاریکردنی مافی چارەنووسیان ئەوا دەرفەتی دەست تێوەردانی دەرەکی کە دژی بەرژەوەندیەکانی وڵاتە کەمتر دەبێتەوە .

عیراق نزیکەی یەك سەدە بە هەردوو قۆناخی پاشایەتی و کۆماری کەسانی ناکامڵ لەرووی سیاسیەوە حکومڕانیان کردوو دواتریش دیکتاتۆریەتی شمووڵی لەسەردەمی حوکمڕانی بەعسیدا ، ئەو دەستبژێرە سیاسیە نەیتوانی لەبواری پەیوەندی دەسەڵات و کۆمەڵگادا بگاتە ئاستێکی شارستانی و دەزگاکانی دەوڵەتی : سوپاو پۆلیس و دەزگاکانی ئەمنیی دژی میللەت بەکارهێنرا و گەشەی بەکۆمەڵگای شارستانی نەکرد پاشەکشەی لە ((بەهاکانی شارستانیەت )) کرد و بەرەو (( بەهاکانی بەربەری )) چوو ، دەستبژێری بەعس 1968 – 2003 یەکەمین حکومەت بوو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کە چەکی کیمیاوی لەدژی دانیشتوانە مەدەنیەکانی خۆی بەکاربێنێ ، (( گەلی کوردی برا ..! )) ناکرێ بەکارهێنانی توندوتیژیی سەردەمی پاشایەتی لەگەڵ توندوتیژییەکەی سەردەمی کۆماریدا بەراورد بکرێ ، بەتایبەتیش حوکمڕانی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن کە بێ ئەندازە خوێناوی بوو . وێڕای زاڵبوونی سوننەی عەرەب لەسەردەمی پاشایەتیدا زۆر کەسایەتی کورد پلەوپایەی بەرزیان هەبوو لەدەوڵەت ، مەدەنی و سەربازی هەندێکیشیان رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە سنووردارکردنی زوڵم و زۆری کە لەلایەن دەرەبەگە کوردەکانەوە دژی گوندنشینەکان پەیڕەو دەکرا ، سەعید قەزاز کە دوای کودەتاکەی 1958 لەسێدارە درا یەکێك بوو لەو کەسایەتیە دیارانەی کە رێزی تایبەتی لای جوتیارانی ناوچەی بادینان هەبوو .

دەستبژێریە سیاسیەکەی فەرمانرەوای بەغدا دوای کودەتای 1958 نەیتوانی ببێتە دەستبژێرێکی شارستانی هاوسەنگ بۆئەوەی بزانێ چۆن پەیڕەوی دیموکراسیەت دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەهەموو توێژو پێکهاتە ئاینی و زمانی و نەتەوەییەوە پێشبخات و گەشەی پێ بکات و باوەڕی بەئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات هەبێ بەشێوەیەکی ئاشتیانە .

گەلی کوردیش تووشی هەمان نەخۆشی بوو بەدەست دەستبژێریدا حیزب دروستبوون کە لەلایەن کەسانێکەوە سەرکردایەتی دەکران کەچی خێرا بەناوی نەتەوەپەرستی و داکۆکی لێی هەڵگەڕانەوە و بوونە ستەمکار و کێشە و خەونەکانی کۆمەڵگای خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیان بەکارهێنا ، گەلی خۆیان بەرەو وێرانی و وابەستەیی و ملکەچی برد ، بەخێرایی تەماشاکردنی دامەزراندنی حیزبەکان و گەشەکردنیان بکەین لەعێراق و کوردستاندا وەك حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەبینین چۆن لەسەر بنەمای بیروباوەڕی رزگاریخوازی نیشتیمانی و بەدیهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی و خزمەتکردنی چینی هەژاری جوتیارو کریکاران دامەزراون و دواتر بوونەتە حیزبی سەر بەتاکەکەس و دیکتاتۆر و لەو بنەما ستراتیجیە دوورکەوتونەتەوە کە لەپێناویدا دامەزراون و زوڵم و زۆرو گەندەڵییان لەجیاتی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە .

لەحەفتاکانی سەدەی بیستەمدا شانۆی سیاسی کوردی – ئێرانی –عیراقی سێ کەسایەتی دەرکەوتن دەستیان لە دروستکردنی رووداوی کارەسات ئامێز هەبوو لەناوچەکەدا شا محمد رەزا پەهلەوی ، مەلامستەفا بارزانی و سەدام حسێن ، ئەم سێ سەرکردەیە بەشداربوون لەو کارەساتانەی بەسەر گەلەکانیاندا هات ، بزوتنەوەی کوردی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بە کارەساتێکی نیشتیمانی لەساڵی 1975 دا کۆتایی پێهات و هەموو داهات و بڕیارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان بەدەست ئەوبوون و ئەوبوو ئاراستەکانی بزوتنەوەی کوردی گەیاندە حاڵەتی داڕمان و بەزین ، سەدام حسێنیش عێراقی لەشەڕێکی وێرانکەر گلاند تا بەهاتنە ناوەوەی ئەمریکا – بەریتانیا کۆتایی هات لە 2003 دا و خۆی لەکونێکدا حەشاردا کە سەربازەکانی ئەمریکا دەریانهێناو دواتر حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا درا ، هەروەها پێشتریش لەساڵی 1979 دا شای ئێران رووخا و ئیمپراتۆر وەدەرنرا و وڵاتی بەزەلیلی لەسایەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لەسەر حوکمڕانیە دیکتاتۆریە گەندەڵەی جێهێشت .

مەیلەنکی بەهێزی (عاشقی زاتی خویان) (جنون العظمه) وای کرد گرنگی بە خودی خۆیان بدەن و ( من ) ی نقوم بوو لەخۆپەرستی و گەورەیی بەرامبەر بچوك کردنەوەی کەسانی دی، هەمیشە بەرژەوەندیی سەرکردەکان لەسەرووی بەرژەوەندی میللەت و وڵات بوو و هەستی ئێش و ئازاری میللەتانی خۆیان لەدەست دابوو و ئەو مەترسیانەیان فەرامۆش کردبوو کە لەئەنجامی تاکڕەوی بەڕێوەبردنی دەسەڵات

بەرەو روویان دەبۆوە و ئارەزوە خودیەکانیان رەنگی لە سیاسەتەکانیان دابۆوە و بەئەنقەست سەروەتی شەخسی و گشتییان تێکەڵ کردبوو هەرسێکیان خولیای میللەتەکانیان قۆزتەوە و دەسەڵاتی سیاسیان مۆنۆپۆڵ کرد هەریەکەیان بەشێوازێك و بەگوێرەی ئەو توانایەی کە لەبەردەستیان بوو ، سەروەتی گشتییان بۆ کڕینی دەست و پێوەندو گەندەڵکردنی کۆمەڵگاکانیان بەکارهێنا بەمەبەستی درێژکردنەوەی حوکمڕانیەکانیان و هەرسێکیان کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە سەروەت و سامان و دەسەڵاتەکانیان بۆ کوڕەکانیان ببێتە میرات بێ ئەوەی گوێ بدەنە چارەنووسی گەلان بارودۆخی گەلی کورد زۆر جیاوازبوو لە بارودۆخی گەلانی دەوروبەر ئەوگەلانەی تر حکومەت و دەوڵەتیان هەبوو لەکاتێکدا گەلی کورد ئیرادەی بەدەست خۆی نەبوو و لەمافی چارەنووس بێبەش بوو ، جگە لەوە ناسنامەکەشی هەڕەشەی لەسەربوو سوپای عیراق بەردەوام هێرشی سەربازیی دەکردەسەرو رەزو باخ و گوندەکانی دەسووتاند، گەلی کورد لەپێناوی مافە سادەکانی خەباتی دەکرد هەربۆئەوەی پارێزگاری لە ناسنامەی رۆشنبیری خۆی بکات، حکومەتەکانی بەغدا ئەوەشیان پێ رەوا نەدەبینی لەبەرئەوە کارێکی یەکجار ترسناك بوو سەرکردایەتی کوردیش بەهەمان شێوازی دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست رەفتار لەگەڵ میللەتەکەی خۆی بکات ، گەلی کورد زۆری چەشت بەدەست رەفتاری سەرکردایەتیەکی ناشایستە لە هەڵسوڕاندنی رۆڵی شۆڕشگێڕانەی لەپڕۆسەی ململانەی چەکدارانەی کە نزیکەی 14 ساڵی خایاند .

دواتریش میراتگرەکان هاتن ، سەرکردەی نەفس بچووك و بێ ئەندازە تەماعکار و خوو پەرست هەر بەدوای دابین کردنی سەروەت وسامان گەلبوون و بووخویان، بەخێراییەکی زۆر شۆڕشگێڕەکان بوون بە بزنسمان وقونتراتچی حیلەباز و لەجیاتی ئەوەی ببنە پاسەوانی سەروەتی گشتی دەیانبینین چۆن دەستیان بەسەر سەروەتی گەلەکانیان داگرتووە و کۆمپانیاکان و گرێبەستەکانیان بەسەر خزم و کەس و پیاوەکانی دەوروبەریان دابەش کردووە و ساختمان و حیسابە بانکیەکان و پڕۆژە بازرگانیە زەبەلاحەکانیان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات دابەش کردووە. ناوی (بارزان) حورمەت ورێزێك تایبەت هە بو لە لای ژمارەیەکی زوور لە دانیشتوانی کوردستان، ئەم ناوە لە سایەی دەسەلاتی ئەمروی کوردستان، نەك هەر حورمەتی نەما، بەلکو بوو جیگای نەفرەت وقیز هەتا لە ناو دوستە کونەکانی بارزان.

هەرسێکیان حەمە ڕەزا شا و سەدام حسێن و مەلا مستەفا لەسەردەمی جیاوازدا یان شەڕیان بوو یان گفتوگۆ یانیش هاوپەیمانی یەك بوون و ڕێکەوتنیان مۆر دەکرد بۆ کات بەسەربردن و بەس ، ئەم کتێبە هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتە خۆ کە ڕووداوی مێژووی لێ کەوتۆتەوە لەئەنجامی پەیوەندیە هەرێمایەتی و دەوڵەتەکاندا کە لەژێر گوشاری شەڕی ساردی نێوان هەردوو زلهێزە خاوەن ئەتۆمیەکە هاتنە کایەوە کە شۆرەوی و ئەمریکا بوون .

ئاماژەکانیشم بۆ هێندێ ناونیشانەی نەبوونی ئیرادەی بەکۆمەڵە کە ئەنجومەنێکی نیشتیمانی هەڵبژێردراوە ، دەزگایەکی جێبەجێ کەر (حکومەتێکی دیموکراسی) پرۆژەیەکی سیاسی دیاریکراو جێبەجێ بکات و بەکۆمەڵ ئەنجامی کارەکانیان لەئەستۆ بگرن لەبەردەم پەرلەمانێکی چاودێر بەسەر چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی کارەکانیاندا و لەسایەی دادوەریەکی عادیلانەو سەربەخۆ ، ئێمە لەبەردەم حاکمێکی تاك و دەسەڵات ڕەهاداین کە هەموو ڕێچکەکانی ململانێ و یان کۆتایی بێهانی دەکات ، گەلان قسەیان نیە و جگە لەبەر فەرمانبوون و قوربانیدانی بێ بەرامبەر ، زۆر جاریش میللەت تامی ملکەچی کردووە ، سەرکردایەتی کورد لەساڵی 1975 دا دەستبەرداری میللەتەکەی بوو و بەخشکەیی بڕیاری هەڵاتنی داو چووە ئێران و گەلی کوردی دابەدەست کیندارترین دیکتاتۆری عیراق ، ئەوانەی مابوونەوەش ناچاری خۆبەدەستەوەدان کران بۆ ڕژێمی تەهران، پاش کە شا لەگەڵ سەدام حسێن ڕێککەوتن لەئاداری 1975 لە لووتکەی جەزائیر.

بەشی 2 (کوتای)

لەخوێندنەوەی بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا خوێنەر بۆی دەردەکەوێ جەوهەری ئەم تیمەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەکرد بەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا، بەپێچەوانەی زۆرێک لەو شۆڕشە رزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەستە لە "جیهانی سێیم" کە بورژوای نیشتیمانپەروەر سەرکرەدایەتی دەرەبەگەکانی دەکرد لە ململانە میللی رزگاریخوازە چەکداریەکان ، کەچی ئەم هاوکێشە لای سەرکردەکانی جولانەوەی کورد پێچەوانەبۆوە ، "دەسەلاتی ئاغایەتی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی خۆیدا" بەچاکیش دەردەکەوێ نە پابەندبوونی هەردوولایان بەبنەمای نەتەوەییەکان و نیشتیمانیەکان: بورژوای گچکەی نەشونما و توخمەکانی دەرەبەگایەتی کورد .

دەستبژێری سەرکردایەتی کورد کە دەستی بەسەر بزوتنەوەی کوردیدا گرتبوو پێکهاتبوو لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە سەرچاوەی رۆشنبیریان زانکۆکانی عیراق بوو و لاسایی نموونە نەتەوەییەکان عەرەبیان دەکردەوە بەهەموو نەگونجانێکەوە لەگەڵ بەهاکانی دیموکراسی یانیش رێبازی مارکسی – لینینی وەک چاولێکەریی کۆمۆنیستەکان عیراق گرتەبەر کە سەرەنجام تاکرەوی هەردوو حیزب ( حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان ) حاکم بوو لەحاڵەتە کوردیەکەدا جیاوازی تەمەن زۆر بوو لەنێوان مەلا مستەفاو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا ، هەروەهاش لەمەسەلەی رادەی خویندن ، مەلا مستەفا زیرەک بوو بەلام بێ زانستی سەردەم، دەیزانی چۆن هێزە خێڵەکیەکان بەکار بهێنێ بۆ پشکستپێدانی نەیارەکانی ناوخۆ لەکاتی شەڕ و ناکۆکیدا ، جیاوازیش لەنێوان هەردوولا ، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ( پدک ) و سەرۆکەکەی ناکۆکیەکی ئاسایی نەبوو لەنێوان خەباتگێڕانی پابەند بە بەرژەوەندیەکانی گەلەکەیان و لێبوردە نەبوون تا کێشەو ناکۆکیەکانیان بەشێوازی دیموکراسیانە چارەسەر بکەن و پشت بە دەستووری حیزب ببەستن و رەچاوی بەرژەوەندی گەلی کورد بکەن، بەڵکو هەردوولا بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر تووڕەییەکی هێستریانە پەنای وەبەر زمانی گوللە برد .

لەهێندێ قۆناخدا ناکۆکیەکانی هەردوولا گەیشتە ئاستێکی زۆر نزم و دارمانی بەهای نیشتیمانپەروەری بەجۆرێ چاودێرانی سەرسام کرد ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو مەترسیانەی رووبەڕووی چارەنووسی میللەت دەبنەوە لەوانەیە ئەوەی زۆر جێگەی داخ بێت ئەوە بووبێ رێگا بە رق و کینە درا هەڵوێستەسیاسیەکانی هەردوولا هەڵسوڕێنێ ئەویش لەسەر حسابی مافەکانی گەلی کورد کە لە شەڕێکی دژواردایە کە بەردەوام حکومەتەکانی عێراق دەیسەلمێنن . هەردوولایان ئاگربەستیان لەگەڵ بەغدا راگەیاند یانیش دەبوونە هاوپەیمانی بەمەبەستی یەکلابوونەوەی حیساباتی ناوخۆیان ، هەروەها سەرکردایەتی کورد ئەو رق و کینەی حیزبیان بەشێوەیەکی بەرنامە دارێژراو گواستەوە بۆ ناو جەماوەر ، هەندێ جار بەنهێنی و هەندێ جاریش بەئاشکرا بۆ ئەوەی هێندە چەکدارەکەیان بەگوێ رایەڵی بهێڵنەوە و بەگیانی دوژمنکارانە گۆشیان بکەن تا شەڕی ناوخۆی کوردی – کوردی پێبکەن .

حکومەتەکانی دەوروبەر پێشوازییان لە بەکارهێنانی ئەو رق و کینانەی کوردستان کرد بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی خوێناوی بۆ ئەوەی ئەو حیزبانە دەرفەتی ئەوەیان نەبێ مێشکیان ساف ببێت و جەخت لەسەر

مافە نەتەوەییەکان بکەنەوە . لەهەندێ کاتدا ئەو سەرکردانەی (پاڵەوانی جەنگی ناوخۆ ) لەیەک کاتدا دوو شەڕیان بەسەر گەلی کورد سەپاند . شەڕی کورد و کورد و بەردەوام بوونی بەرەنگاری هێرش و پەلامارەکانی حکومەتی بەغدا ، کوردستانی ئازادکراو لە دەسەڵاتی سەدام دوای ئەوەی لەکوێت راونرا لەساڵی 1991 دا شەڕی زەعامەتی بینی ، شەڕی مۆتۆپۆلکردنی سەرچاوەکانی دارایی لەنێوان مەسعود بارزانی کە بە پشتیوانی سەدام دەستی بەسەر داهاتی ئیبراهیم خەلیلدا گرتبوو و قایل نەبوو لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا بەشی بکات ، بەمەش گەلی کورد هەزاران قوربانی دا ، لەبارودۆخێکدا کە لەوانەبوو سەرکردەکان ریزی میللەت لەدەست بدەن و وەک سیاسەتمەدار خانەنشین بکرێن و راپێچی بەردەمی دادگا بکرێن ، بەڵام کارەساتی کورد لەوەدایە ئازاد نیە لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانیدا ، چونکە ئیرادەی زەوت کراوە و لەزۆر لاوە داگیر کراوە بۆیێ گوێ نادەنە هەستی جەماوەری کوردستان مادام دووربن لە لێپرسینەوە .

نەخۆشیەکانی دەستبژێر مۆنۆپۆلی دەسەلات و بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی رق و کینە لو ناو کومەلگای کوردستانی دا، بوو بە کۆسپ لەبەردەم پەیدابوونی نەوەیەکی سەرکردەی نوێی ئازاد لە گرێ کوێرەی خۆبەزل زانین و رق و کینەی داپۆشراو و دیاردەی (( من یان ئەز )) کە لە رەفتاری سەرکردەکان رەنگی داوەتەوە ، لەخۆبایی ( لوت بەرزی ) سیاسەت مەدارانی کورد بەردەوام بوون لەسەر شانۆی بزووتنەوە نیشتیمانیەکەی کوردستانی باشوور لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا تا دەگاتە ئەمڕۆش .

ئارەزوی شەخسی و حیزبیەکان لەپێش ئیعتیباری نیشتیمانی بوو، سەرکردەکان زۆر لە کێشەکانی میللەت بچوکتربوون ، ئەو تەرزە سەرکردانە گیانی حیزبایەتیەکی تەسکیان هەیەو تووشی رکابەری شەخسی ببوون و بۆ چەند ساڵ بارودۆخی سیاسیان ژەهراوی کردبوو و کوشت و برو ئەشکەنجەیان لە کۆمەڵگای خۆیاندا پیادە کردبوو و زۆر مەیلی بەخودکردنی کێشە نیشتیمانیەکانیان هەبوو و تووشی نەخۆشی دەمارگیری ببوون و گرێ کوێرەی ترس و نەبوونی متمانەو زاڵبوونی گومان لەنیازی پیلانگێڕی بەرامبەر باڵی بەسەردا کێشابوون ئەو گیانی خۆبەزل زانینەی لایان دروست ببوو شوێنی ئەو موعاناتەی گرتبۆوە کە لە ئەنجامی هەستکردن بوو بە زەلیلیان لەسەر دەستی دەوڵەتی سەردەستەدا ئەوەش وای کرد تەوژمی توندوتیژی و رق و کینەی پەردەپۆش کراو بە موجامەلە کردن لەناخیاندا چەکەرە بکات کە لەکاتی باسکردنی مەسەلەی (( پایەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان سەرۆکایەتی یان دابەشکردنی سەروەت و سامان )) دێنە ئاراوە، هێندێ لەو سەرکردانە نەخوش و شەیدایی لەقەبی "سەروک" ن وپێ رازین هەتا بەخشەندەری سەدام حسێن بێ بە بەخشینی نهێنی دارایی و تانک و گاردی کۆماریش دروستی کردبن. دەرکەوتنی ئەو سەرکردانە لەسەر شانۆی سیاسی کوردیدا بۆ ماوەی شەست ساڵ زیاتر کە زادەی — کوردستانی باشوور — بوون نەیانتوانی لە چارچێوەی ئامانجە خودیەکان و تۆمەتی پارەکۆکردنەوە و دەسەڵاتگرتنە دەست بچنە دەروە، بەدەربوون لە هەموو شەرعیەتێک و لێپرسینەوەیەکی یاسایی ، هەروەها ئەوە نیشانەیەکە بۆ لاوازی هۆشیاری سیاسی لای کۆمەڵگای کوردستانی و لاوازی لەمبەرەکانی بۆ نەهێشتنی گاڵتەکردنی سەرکردەکانی کورد بەچارەنووسیان ، ئەو دەسەڵاتە رەهایە دواکەتوو سەرکوتکەرە بووە مایەی داخرانێکی سیاسی قووڵ و درێژخایەن کە

لەکۆمەڵگای ئێمەداو ڕێگربوو لەبەردەم بنیاتنانی دەسەڵاتێکی شارستانی و شەرعی ، ئەوەش وای کرد دەرگا لەبەردەم زۆر شێوازی توندوتیژی فیکری و سیاسی و جەستەییدا ئاوەڵابێت .

بەهای نیشتیمانیەکان لای دەستبژێری کورد ئەوانەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردیان دەکرد بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا تێک چووبوو ، ڕێک پێچەوانەی ئەو دەستبژێرەی سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکانی کوردیان کردبوو لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەوانە ژیانی خۆیان بۆ کێشەی گەلەکەیان بەخت کرد وەکو شێخ عەبدولسەلام بارزانی کە سەرکردایەتی دوو ڕاپەڕینی دەکرد و شێخ سەعیدی پیران و شێخ ڕەزای دەرسیمی و قازی محمد، شێخ مەحمودی حەفید لەپێش ئەفسەرە سیاسیەکانی بەریتانیا سەری دانەنواند لەکاتێکدا بریندار و بەدیل گیرابوو بوو ، ئیحسان نوری پاشا بەرپەرچی پێشنیازێکی کۆلۆنێل فەرهاد بەگی دایەوە کە لە شەڕی (کانی کەوڕک) شکستی و داوای لە ئیحسان پاشاکرد تەن بەتەن شەڕ بکەن ، بەڵام وەڵامی ئیحسان پاشا ئەوەبوو ئەگەر مەسەلەکە ئەوەندە سانایەو بەکوشتنی یەکێکمان کۆتایی دێت ئەوە لەم حاڵەتەدا دەبێ سەرۆکی تورکیا زۆرانم لەگەڵ بگرێ و تۆ لەپایەی من نیت [1] ، دەبێ ئەوەش بزانی ئەگەر ئیحسان نوری پاشا بکوژرێ ئەوا لەنێو گەلەکەماندا هەزاران کەسی وەک من هەن بەڵکو لەمنیش باڵاترن و ڕۆڵی من دەگێڕن . بەم ڕستەیە ئیحسان نوری شانازی نەتەوە بەخۆی بەرجەستە دەکات ، شۆڕشی (خۆیبوون) کە ئیحسان نوری پاشا سەرکردە سەربازییەکەی بوو ئامانجی ڕزگاری کردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی بوو .

ئەوەی شایانی باس بێت زۆربەی زۆری سەرکردەکانی ( پ.د.ک ) لەسەردەمی جیاجیادا گەڕانەوە پاڵ ڕژێمی بەغدا تەنانەت دوای دەرکردنی و لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆری کوردە فەیلیەکان لەکۆتایی ساڵانی هەشتادا و قڕ کردنی بارزانیەکانیش لەساڵی 1983 دا کیمیابارانکردنی گەلەکەمان لەساڵی 1987 – 1988 و پرۆسەی ئەنفالەکاندا . سەرکردەکانی کورد خۆیان گەیاندە بەغدا بۆ ماچکردنی سەدام حسێن کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهاندا بڵاو کرایەوە بووە مایەیی سەرسوڕمانی عالەم بو [2] . لە ڕۆژی 1991/5/6 مێژوو نووس عیسمەت شەریف وانلی نامەیەکی بۆ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی نووسیبوو تیایدا گلەیی کردبوو : "ڕاستە کە دەست تێوەردانی وڵاتان مەسەلەیەکی "مرۆڤایەتی" بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانایەکی سیاسی هەیە ئەگەر ئێوە یەک دوو هەفتە دانتان

[1] LA REVOLT D’L AGRIDAGH (ARRARAT) GENERAL IHSAN NOURI PASHA. P: 103-104. 1986. GENEVE

[2] ماچ کردنی سەدام حوسەین لە بەرچاوی تەلەفزیونەکانی جیهاندا پاش ڕاپەرینی سالی 1991 جێگای سەرسورمانە و نیشان دەدات ڕەوشەک سیکولوژی کوون و مەترسیدارە کە سەرکردەکانی کورد توشبوونە، لە ناو ئەم حالەتە عەقلیان بەند ببوو بە وەهمی کەلابچەی دەسەلاتی دکتاتوری بەغدا کە لە حالەتی دارمان بوو، هیچ باوە بە کەرامەتی گەلگەیان بەر چاو نەگرت، ڕیگا بە خویان نەدەدا چارە سەرێکیتر نوێ و جودا لە رفتاری سیاسی رابردوو، هەر رێگای گەرانەوە بو باوەشی سەدام هەلبژارد. نەیان توانی بە هزرێکی نووی چارەسەرەکی دیبلوماسی نیودەولەتی بدوزنەوە ، بەبەز و لەز چوون بو بەغدا سەدام ماچ کەن. ئەم سەرکردانەی کورد ئەمانە بوون: جەلال تالەبانی، مەسعود مەلا مستفا، نیجیرفان ادریس، کوسرەت رەسول، محەمەد مەحمود عەبدالرەحمان (سامی) فرەیدون عەبدالقادر، نەوشیروان مستەفا، روژ نوری شاویس، مەلا بەختیار، سەعدی بیرە، فازل میران، ئازاد نەجیم، رەسول مامەند، ئەرسەلان بایز. هەر ئەمانەش بوون گەلەکەمان خستە ناو ئاگری شەرمەندەی شەری ناوخوو ، حکومەتی جمهوری اسلامی ایران یارمەتی جەک بە هەردوکیان دەدا : (پدک) و (ینک) ئەم شەرە هیچ لایەن سەرکەوتو نەبو، هەر شکەستنی گەلی کورد بوو. وپاشان کەوتنە ناو پەیمانەکان لە گەل سەدام حسین، بە تایبەتی (سەروکی پدک، کە لە هەمو سەرکردەکانیتر نێزیک بوو لە سەدام حەسەین تا رژێمی رووخا لە سالی 2003.

بەخۆتان گرتباو داواتان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردبا چارەسەرێکی سیاسیانە وەک مەرجێک داندرابا بۆ گەڕانەوەی کوردەکان بۆ ماڵەکانیان ئەوا دنیا قۆناخە مرۆییەکەیان تێدەپەڕاندو دەستوەردانەکەیان دەبووە "سیاسی" و لەوانەش بوو ببێتە سەربازی ، من دڵنیام باشتر وابوو داوا لەئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتە زلهێزەکان بکەن چارەسەرێکی سیاسیانە بکەن و نەکەونە گفتوگۆ لەگەڵ سەدامی خوێنڕێژ و رژێمەکەی و نە لەگەڵ بەعسیشدا" ، لەهەمان نامەدا دەڵێ : "ئەمکارەتان وای کرد دنیا بڵێن ئەگەر بەرپرسە کوردەکانی عێراق خۆیان گفتوگۆی لەگەڵ بکەن ئێمە بۆ خۆمان ماندوو بکەین و بیر لە چارەسەری سیاسیانە بکەینەوە بۆ کێشەکەیان!" نەخێر لەدەستدانی کەرامەت و شەهامەتی نیشتیمانی و شەخسی گەیشتە ئەوەی هاوپەیمانی سەربازی لەگەڵ سەدام ببەستن بۆ ئەوەی زەمانەتی پایەی خۆیان بکەن ، هەروەها دیمەنی بەرەو بەغدا راکردن ئەوە دەردەخات کە دەستبژێری سەرکردایەتی کورد هزرەکانی لەبواری دیبلۆماسیدا سنووردارو بێ ستراتیژی بوو ، وێڕای ئەوەی شکستی 1975 رەنگدانەوەی فەشەل بوونی دیبلۆماسی بوو و گەیاندیە شکستی سەربازی بەڵام شی نەکرایەوە و پەندو عیبرەتی لێ وەرنەگیرا .

بەدیبلۆماسیەتی لەئامێزگرتن و ماچ لەبەردەم کامێرای تەلەفیزیۆنەکان جیهاندا هاوکاری سەدامیان کرد لەو تەنگژە نێو دەوڵەتیە دەرباز ببێت و گەلی خۆیان بێبەش کرد لەو گرنگیپێدانە نێودەوڵەتیە بە چارەنووس و مافە رەواکانی ، هەروەها هاوپەیمانێتیەکانی بزوتنەوەی کورد — مەلا مستەفا لەگەڵ شای ئێران — لەسەر حیسابی پەیوەندیە کوردستانیەکان بوو لەهەمان کاتیشدا زیانی بە یەکێتی نەتەوەی کورد گەیاند .

بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەک بنیات بنێین کەرامەت و ئازادیی تاکە کەسی تێدا زامن بکرێ و لەبواری شارستانیەوە پێشکەوین پێویستە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لەهەڵوێستی کۆمەڵگا بکەین دەرهەق بە دەستبژێرە حوکمڕانەکانی کوردستان و پێویستە کۆتایی پێ بهێنرێ تابکرێ دەبێ لەرێگەی دیموکراسی و دەنگدانی ئازاد و پاک بێت مێژووی حوکمڕانی دیکتاتۆری لەعیراق و نکوڵی کردن لەمافی گەل و دەستبەسەرداگرتنی ئازادیە دیموکراسیەکان پەندو عیبرەتمان دەداتێ کە لەئەنجامی ئەم سیاسەتە چەوتە هاتە کایەوە بەدرێژایی یەک سەدە . ئەم سیاسەتە هۆکاربوو بۆ بەردەوام بوونی شێوازی ستەم .لەراستیدا زیاتر لەچەتەو فەرماندەی جەنگ دەچوون و خزم خزمانێ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئینتیهازیەت و گەندەڵی لەنێو کۆمەڵگای عەرەبی و کوردیدا بەشێوەیەکی ترسناک بڵاوکردەوەو زۆر تواناى زانستی و تەکنیکی لەبار برد کە رۆڵەکانی ( وادی رافیدەین ) لێی بەهرەمەند بوون و توندو تیژی بووە تاکە مەنتیق دەسەڵات پەنای بۆ ببات کە شەرعیەتی راستەقینەی نەبوو بۆ دەربازبوون لەتەنگژەکانیدا .

سێ ساڵی یەکەمی شۆڕشی کورد پاک و بێگەردبووبوو ، پشتی بەهێزی میللی شۆڕشگێڕ بەستبوو ، دواتر گەندەڵی تێکەوت و ململانێ لەسەر زەعامەت و پارە دەستی پێکرد بەمەش بێگەردی شۆڕشگێڕانەی لەدەستداو بووە ئامێرێک بەدەست دەستبژێر سەرکردایەتی و چۆنی بویستایە هەڵیدەسوڕاند بێ ئەوەی پابەندی بەها نیشتیمانیەکان بێت ، لەزۆر کاتدا وشەی (بزوتنەوە) یان لەجیاتی (شۆڕش) بەکار دەهێنا ، شۆڕش گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و

ئابووری سەرلەنوێ دەنێتەوە ، سەرکردایەتی کورد ئاراستەیەکی تەقلیدی هەبوو و بەها شۆڕشگێڕیەکانی جەماوەری کوردستانی لغاوکرد ، سەرکردەکان خەسڵەتی شۆڕشگێڕ پێویستیان نەبوو کە بۆ گۆڕانکاریە گەورەکانی کۆمەڵگا بگونجێ ، ئەودروشمانەی بەرزیان دەکردەوە گەلێ جار بۆ سەرفکردنی ناوخۆبوو نەک بۆ جێبەجێ کردن .

کاتێ کە دروشمەکان : دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان یان ( یاکوردستان یان نەمان ) رووبەڕووی هەقیقەت بوونەوە دوای رێکەوتنی 1975 ی جەزائیر ، سەرکردایەتی بێ هیچ پاساوێکی ئەخلاقی دەستبەرداریان بوون ، یەکێ لە خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی کورد مۆنۆپۆل و کۆکردنەوەی پارەی گەلی کورد بوو لای خودی سەرۆکی پارتی و هەڵگرتنی بوو لەنێو بنەماڵەداو ئەم دۆخەش نەگۆڕا نە لەکاتەکانی شەڕدا و نە لەقۆناغەکانی ئاشتیدا و نە لەدوای شکستەکەش ئەوەش بە تاکە نمونە دادەنرێ و لەگەڵ هیچ شۆڕشێکی رزگاریخوازی دنیای سێیەم یەک ناگرێتەوە و تەنانەت یەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیش لەخۆی رانەبینی داوای شەفافیەت بکات و سنوورێک بۆ ئەم حاڵەتە ناشەرعیەو ناشازە دابنێ بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەستی سەرکردایەتیەکی بەکۆمەڵی سانسۆرکراوی توند وەک ئەمانەتێک لەبەردەم گەل و مێژوودا سەرۆکی پارتی سەر بەنەوەی کۆن بوو ، ئەرکە نەتەوەییەکەی سەرشانیشی وەک ئەوە وابوو زوڵمی لێ بکرێ چونکە زۆر بەرروونی لە توانای ئەو بەدەر بوو ، شوێنی گونجاو بۆ ئەو سەدەی نۆزدەیەم بوو کەچی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بوو بە سەرکردە ، ئەو گرنگی بەزانست و فەرهەنگی کۆمەڵگا نەدەدا ، ئەمەش کۆسپ بوو لەبەردەم بەرەوپێشەوە چوونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی و تێگەیشتنی بۆ رزگاری نەتەوەیی پەیوەست بوو بەناوی ئەو و دەسەڵاتی ئەو ئەگەر ئامانجەکە بەناوی حیزبێکی دی یان کەسێکی دیکە بهاتایە دی دژایەتی دەکرد ، هەردوو کوڕەکەی بەسەرچارەنووسی حیزب سەپاند لەکاتێکدا ئەوان لەتەمەنی هەرزەکاریدا بوون و تێگەیشتنیان کەم بوو بۆ ئاڵۆزکاریەکانی بارودۆخی سیاسی ناوخۆ و ناوچەیی و نێودەوڵەتی ، هەموو دەسەڵاتێکیان درابوێ و لەسەرووی هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوون، بۆ یەکەمین جار سیستەمی میراتگریی حیزبی دانا کە لەسەر سۆزداری تاکەکەسی بنیات نرابوو ، سەرۆکی پارتی پشتی بە دەرەبەگەکانی کورد بەستبوو و پشتگیری چڵکاوخۆرانی دەکرد و دەسەڵات بەهێزکردن لەسەر جووتیاران لەجیاتی ئەوەی جووتیارەکان لە نیری ئەوان رزگاربکات ، جووتیاران بڕبڕەی پشتی هێزی پێشمەرگە بوون و وێڕای دەستکورتییان سەفاوەتمەندانە هەرچی بەرهەمی هەیانبوو خستیانە بەردەستی هێزی پێشمەرگە بەشانازیەوە لەبەرەکانی شەڕدا قوربانییان دا بەڵام سەرکردایەتی کورد پشتگیریان لە دەرەبەگەکان دەکردبەهەموو ستەم و خەسڵەتەکانیەوە و سەپاندنی بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا . سەرکردەی بزوتنەوەکە پارەی بۆ بەرتیل و گەندەڵکردنی کۆمەڵگا بەکارهێناو دوای ئەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران گەشەی کرد سەرۆکی پارتی بارەگاو دەستەو دایرەکەی خۆی لەسەر سنووری ئێران قایم کرد (حاجی ئۆمەران ) بەمەش کۆنترۆڵی ئەم دەروازەی کرد کە کۆمەکی مادی و سەربازیی لێوە دەهات ، هەروەها مۆنۆپۆڵی پەیوەندیەکانی دەرەوەشی کرد لەنیوەی دووەمی شەستەکانداو بەتەواوەتی لە ژیانی بەرەکانی شەڕ دوورکەوتەوە و کاری سەربازی و حیزبی و سیاسی بۆ دارودەستەکەی بەجێ هێشت کە لەواقیعدا دەوروبەرێکی سەلس بوون و گوێیان نەدایە لادان و

هەواڵنامەی کتێب

ستەمکاری کە بەخێراییەکی زۆر لەکوردستاندا زیادی کردو گوێیان لەمەبدەئی عەدالەت و یەکسانی نەبوو .لەسایەی حوکمڕانی ئەودا زێدەڕۆییەکی ترسناک پێشێلکردنی مافی هاوولاتیان روویدا بەتایبەتیش مافی ئافرەت ، هەروەها هەموو جۆرە لێپرسینەوەیەک لەسەر دزی و گەندەلی نەما تا وای لێهات بوو بەکاری ئاسایی ، لەئانی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا خوێنەر بەهەموو ئەو قۆناغانەدا رەت دەبێ . لەراستیدا مەودای نێوان رەفتاری سەرکردایەتی و خەونەکانی جەماوەری شۆڕشگێڕ گەلەک بوو ،میللەت خەباتی دەکرد و قوربانی دەدا لەپێناو گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی و رزگارکردنی جوتیاران لە زولم و زۆری دەرەبەگەکان و کوێت و پێوەندی کۆنەپەرستی ، لەم روانگەیەوە شۆڕشێک هەبوو لەسەر ئاستی جەماوەر ، بەلام سەرکردایەتی کورد گیانی شۆڕشگێڕیی میللەتی لەبار برد و بەردەوام بوو لە دژایەتی کردنی خواستە پێشکەوتنخوازیەکانی بەرەو دواوە گێڕانەوەی وەک چۆن خوێنەر لە بەشەکانی دواتردا دەیبینێ .

عیسمەت شەریف وانلی ئەوپەڕی سەرسامی خۆی نیشان دەدات دەرهەق بەو شێوازەی کە سەرکردایەتی کورد کۆتایی بە بزوتنەوەکە هێنا لە سالی 1975 دا دەلێ : "نمونەیەک نابینمەوە شەڕێکی میللی بەم جۆرە کارەساتە کۆتایی هاتبێ و ملکەچی سەرکردایەتیەکەی بووبێ ، لەکاتێکدا میللەت سووربوو لەسەر شەڕو پێداویستیەکانی بەردەوامی پێدانی هەبوو ".

وەک ئاماژەم پێکرد بۆ ئەم کتێبە پشتم بەزۆر ئەرشیفی حکومەتی ئەمریکا و راپۆرتەکانی پەیوەست بە کێشەی کورد بەستووە کە لەلایەن ئاژانسی موخابەراتی ئەمریکی «C.I.A» وە وەرگرتووە کە لەم دواییەدا قەدەغەی لەسەر لاچوو ، هەروەها ئەوەی رۆژنامە نووسان و مێژوو نووسان لەسەر رووداوەکانی ئەو سالانەیان نووسیوە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا هەروەها ئەو باسکەرانەی رۆلیان لەنێو رووداوەکاندا جا هی ناوخۆ بووبن یان هی ناوچەکە و دەولەتان ، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەرشیفی کوردەوە هەبێ تا رادەیەک بوونی نیە ، جا ئەوە لە ئەنجامی گوێ پێنەدان بووبێ یا ئەنقەس بەهەرحال نەبوونی بیانوو دەداتە دەست سەرکردەی حیزب و بزوتنەوەکە ، ئەوانەی لە ئان و ساتی راستەقینەدا ملیان کەچ کرد بۆ ئەوەی خۆیان لە بەرپرسیارێتی مێژوو بدزنەوە و خەتایەکە بخەنە ئەستۆی یەکتر ، نایاسایە گەلی کورد قوربانی بدات و دواتر سەرکردەکانی ئەو راستیانەیان لێ بشارنەوە کە بووە هۆی رووخاندنی بزوتنەوەی کوردی لەسالی 1975 . دکتۆر مەحمود عوسمان کە سەرکردەیەکی نزیکی مەلا مستەفا بوو دەلێ : ئەو گفتوگۆیانەی لەگەل ئەو ولاتانە دەکران کە کۆمەکیان پێشکەش بزوتنەوەی کوردی دەکرد تۆمار نەکران و ئێمە خۆمان لە تۆمارکردنیان دەپاراست من ئێستا دان بەوەدا دەنێم کە هەلەیەکی کوشندە بووە ..! راستە کە هەلەیەکی کوشندەبوو ئەوە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر مافی گەلی کورد سەبارەت بە زانینی رووداوەکانی رابردوو سوود وەرگرتن لە هەلەکانی لە ئێستا و ئایندەدا .

سەرەتاکانی بزوتنەوەی کوردی لەوەوە سەری هەلدا کە کۆنەپەرستانی کورد بێزارییان بەرامبەر ( چاکسازی کشتوکالی ) نیشاندا و دژایەتیان کرد و پەیوەندیان بە – ساواک – ی ئێران کرد و سەرکردە کوردەکان بێ هەلسەنگاندنێکی تەواو تێوەگلان ئەو درووشمانەیان بەرزکردەوە کە بەمێشکی کوردا دەهات کە هیوا و ئاواتی رەوابوون ، ئەمەش وایکرد پشتیوانی جەماوەر بەدەست بێنن و بەیەکگرتوویی

لەپشت ئەو سەرکردایەتیە بوەستن و بەدرێژایی چوارده ساڵ بێ پەروا قوربانی بدەن تا ئەو رۆژەی سەرکردایەتی کورد بڕیاری دا دەستبەرداری میللەت بێت و کۆتایی بە بزوتنەوەکە بێنێ بەڵام بێ ئەوەی دەستبەرداری سەرکردایەتی کردن بێت .خوێنەر لەم کتێبەدا تێڕوانینێکی ناوخۆیی دەبینی بۆ رووداوەکان کە من شاهید بووم لەسەریاندا بەدەگمەن ئاماژەیان بۆ کراوە هۆکارەکەش لەوانەیە ترس بووبێ یان پاراستنی سەلامەتی خۆیان بووبێ بەڵام گوێم نەداوەتێ و لەخەسڵەتی مندا نیە دەرهەق بەزوڵم و زۆری بێدەنگ بم .

ئەم کتێبە لەگەڵ رەوتی فیکری باوی ئێستای کۆمەڵگای کوردی ناگونجێ کە بەرهەمی پڕوپاگەندەی حیزبیی چەواشەکار سەربریش نیە بلاْوکردنەوەی پەرچەکرداری توندی لێ بکەوێتەوە ، جمس و یرسدین دەڵێ : ( کاتێ درۆ هەڵبەستراوەکان وردە وردە دەفرۆشرێن بەدرێژایی نەوەکان وەک راستی دەردەکەون وەک ئەوەی پێچەوانەی مەنتیق بن ، ئەوانەش کە داکۆکی لێ دەکەن وەک شێتێک دێنە بەرچاو ورێنە بکات ) ئەوەیە حاڵەتی کۆمەڵگای کوردی ئێستا ، بەڵام من دڵنیام کە گەلە تێکۆشەرەکەمان لەکاریگەری دەرمانە هۆشبەرەکان بەئاگا دێت «پڕۆپاگەندە چەواشەکارەکان » هەروەها ئەو راستیانە دەخاتە روو کە بە چاک و خراپیەوە کاریگەری لەسەر ئێستاو ئایندەی خەباتی رزگاریخوازیەکەیدا هەیە کە ئەمەش پێویستەو گەلان زیندو چاوپۆشی لێ ناکەن .. دیارە کە گەلی کوردستانیش لە کاروانی شۆڕشەکانی خۆرهەلاْت دابڕاو نیە کە لە سەرەتای ساڵی 2011 دا سەریان هەڵداوەو دیواری ترسیان شکاندووە و دژی گەندەڵی حوکمڕانی بنەماڵەکان وەستاون کە وێنەیەکی خراپیان لای زۆربەی زۆری رۆڵەکانی گەل نیشان داوە و داوای گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی دەکرێ لە کوردستاندا .

ئەیوب بارزانی

جنێف – سویسرا ئاداری 2011

هەواڵنامەی کتێب